# نهێنییەكـــانت دەپـــارێزی؟

**هەموو كەسێك نهێنی تایبەتی هەیە لەژیانیدا، هەندێك لەوانە نهێنییەكانیان دەپارێزن و لای هیچ كەسێك ئاشكرای ناكەن، هەندێكی تریش لایان ئاساییە نهێنییەكانیان باس بكەن لای ئەو كەسانەی كە جێگای متمانەن، ئێمە ژمارەیەك كچ و كوڕمان دواند بۆ ئەوەی بزانین ئایا نهێنییەكان دەپارێزن و هەر بە نهێنی دەیانهێڵنەوە؟ یان ئاشكرایان دەكەن؟ هەروەها ئەو كەسانە كێن كە نهێنییەكانیان پێ دەڵێن لەگەڵ زانینی هۆیەكەی؟**

نزیكترین كەس لای من دایكمە، پەیوەندی نێوانمـــان وەك پەیوەندی نێـــوان دوو هاوڕێ وایە، بۆیە ئەگەر هەر نهێنییەكم لەدڵدا بێت ناتوانم لای دایكم باسی نەكەم، هەست دەكەم لێم تێدەگات و نهێنییەكانم دەپارێزێت و پێی خۆشە هیچ شتێكی لێ نەشارمەوە، زۆر دڵی بەوە خۆشدەبێت كاتێك نهێنییەكانی پێ دەڵێم، بەڵام ئەمە مانـــای ئەوە نییە كە زۆر كەس نهێنییەكانم دەزانـــن، تەنیا دایكم دەیانزانێت، زۆر جار ڕێگاچارەی گونجاوی پێ گوتووم منیش بڕیارم داوە هەموو شـــتێكی لا باس بكەم، ئەمە قسەی خاتوو جوانی (٢٢)بوو، لەبەرامبەردا كەســـانێك هـــەن نهێنییەكانیان زیاتر بۆ نموونە لەلای هاوڕێی باس دەكەن.

(دیاری )٢٠ســـاڵ"هەندێ نهێنی تایبەت هەیە كـــەس نایزانێـــت لەبەر ئـــەوەی زۆر تایبەتن و بە كەســـم نەگوتووە، بەڵام نهێنی هەیە هاوڕێكانی دەزانـــن، تا ماوەیەك پێش ئێستا كەســـی نەی دەزانی من خۆشەویستم هەیە یان نا، بەڵام ئێســـتا هاوڕێ نزیكەكانم دەیزانن لەمبارەیەوە دیـــاری دەڵێت : بەڵام ناوەكەم لایان باس نەكردووە، ڕقم لەو كەسانە دەبێتەوە كە پرسیاری تایبەتیم لێ دەكەن كە هیچ پەیوەندی بەوانـــەوە نییە، منیش هیچ كاتێك ئەو نهێنییانەی گرنگن باسیان ناكەم بە هەمان شـــێوەش داوام لـــە كەس نەكردووە نهێنیەكانی باس بكات چونكە پەیوەندی بە منەوە نییە و هیچ سوودێكی بۆ من نییە"

(سۆزان) ٢٤ ساڵ" نەخێر نهێنییەكانی خۆم لای كەس باس ناكەم دیارە ئەمەش هۆكاری خۆی هەیە كاتێك قسەیەك یان شتێك تایبەت بێت بە خۆم و پەیوەندی بە كەسی ترەوە نەبێت ئامادەنیم باسی بكەم و لای خەڵك بیدركێنم لەبەر ئەوەی هیچ سوودی نییە.

(دلۆڤان)٢٠ســـاڵ"بە هیـــچ شـــێوەیەك ئامادەنیـــم تەنها یەك نهێنیـــش لای هیچ كەســـێك باس بكەم لەبەر ئەوەی تایبەتە بە خۆم و پەیوەندی بە كەسی ترەوە نییە، هەندێ هاوڕێم پرسیاری تایبەتیم لێدەكەن بەڵام وەك چۆن نامەوێت كەس نهێنییەكانی باس بكات لای من منیش باسیان ناكەم، سروشتی من وایە حەز دەكەم كەس نەزانێت چی لەناو دڵم دایە یان بەنیازی چیم"

(زیلان)٢٢ ساڵ"نهێنی زۆر شێوەی هەیە، هەندێكـــی زۆر تایبەتـــە و هەندێكی تریش كەمتـــر، بـــەڵام لەبەر ئـــەوەی هەردووكیان پەیوەندیـــان بە یەك كەســـەوە هەیە تایبەتی خۆیان هەیە، راســـتییەكەی هەندێ نهێنی هەیە كـــە زۆر گرنگن لای خۆم بۆیە كەس نایانزانێت تەنانەت ئەو كەسانەش نایزانن كە هەموو نهێنییەكانیـــان لای من باس دەكەن، بـــەڵام هەندێ نهێنی هەیە لای خوشـــك و هاوڕێكانم باسم كردوون، بەشێوەیەكی گشتی خوشك و هاوڕێ نزیكەكانم بەشێكی زۆركەم لە نهێنییەكانم دەزانن"

پەشـــێو٢٤ ســـاڵ"تەنها لای یەك كەس نهێنییەكانم باس دەكـــەم ئەویش هاوڕێیەكی زۆر نزیكە و زۆربەی كاتەكان بەیەكەوین.

(محەمەد )٢٩ ساڵ"تەنها لای هاوسەرەكەم نهێنییەكانـــم باس دەكەم بـــۆ نموونە ئەگەر بەنیازی ئەنجامدانی كارێكی گرنگ بم یان پڕۆژەیەكم لەبەردەست بێت یان بیرۆكەیەكم بۆ بێت ئەوا باســـی دەكەم لەبەر ئەوەی بەڵێنمان داوە هیچ نهێنییەك لەیەكتر نەشارینەوە، پێم وایە ئەم بڕیـــارە لەبەرژەوەندی هەردووكمان دایە لەبەر ئەوەی ئەگەر پرسی پێ نەكەم یان نهێنییەكانی لێ بشارمەوە لەوانەیە واهەست بكات بڕوام پێی نییە، زۆر جار یارمەتیدەرم بووە كاتێك شتێكم لای ئەو باس كردووە"

(ڤیان) ٢٣ ســـاڵ" نهێنیەكانم لای كەس ئاشكرا ناكەم، لەبەر ئەوەی كەسێك شك نابەم كـــە ئەوەندە متمانەم پێـــی هەبێت و دڵنیابم لەپاراستنی ئەو نهێنییانە، ئەوەش زۆر ئاساییە چونكە دەمەوێت هەر بە نهێنی بمێنێتەوە"

(شێرزاد ) ٢٣ ساڵ"پێشتر زۆر لام ئاسایی بوو هاوڕێكانـــم نهێنییەكانی منیان دەزانی بەڵام دواتر گەیشـــتمە ئـــەو بڕوایەی كە وا باشـــترە چیتر هیچ نهێنییەك لای نزیكترین كەسیشـــم ئاشكرا نەكەم و بیانپارێزم، چونكە ئێستا هەموو كەســـێك جێگای متمانە نییە تا قســـەی دڵـــی خۆتی پێ بڵێـــی ئەگەر لەبارەی هەر بابەتێكەوە بێت، گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی نهێنییەكانم بپارێزم زۆر باشـــترە لەوەی بیاندركێنم"

(هێـــرۆ )٢١ ســـاڵ" تەنهـــا لای دایكم نهێنییەكانم باس دەكەم زۆر كچی تریش دەناسم دەڵێن تەنهـــا دایكمان نهێنییەكانمان دەزانێت، ئەمـــەش دەگەڕێتەوە بۆ ئـــەو پەیوەندییەی لەنێوانمان دا هەیە، هۆیەكەشـــی ئەوەیە كە دەیانپارێزێت ئەگەر بزانم باسیان دەكات ئەوا جارێكی تر نهێنـــی خۆمی پێ ناڵێم، بەڵام ئەوە رووی نـــەداوە بەپێچەوانەوە یارمەتیدەرم بووە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانم"

(ســـامان)٢٤ ســـاڵ" بە هیچ شێوەیەك ئامادەنیم نهێنییەكانی ژیانم باس بكەم لای هیچ كەســـێك چونكە پێم خۆش نییە كەس لەبارەی ژیانی تایبەتی منەوە بزانێت بەڵكو ئەگەر هەر شـــتێكم لەدڵـــدا بێت ئەوا ناهێڵم كەسی پێی بزانێت، هەندێ كەس نهێنییەكانی ئاشـــكرا دەكات و هەندێكی تریش نا منیش یەكێكم لەو كەسانەی لای كەس نهێنییەكانم ئاشكرا ناكەم"

(هاوژین)٢١ ســـاڵ"من كەســـێكی زۆر ســـادەم، ناتوانم هیچ نهێنییـــەك لای خۆم بهێڵمەوە خوشـــكەكانم هەروەها ئەو كچانەی هاوڕێی نزیكن زۆربەی نهێنییەكانم دەزانن، پێم خۆشە هەندێ جار نهێنییەكانم باس نەكەم بەڵام نازانم هۆی چییە ناتوانم ئاشـــكرایان نەكەم، تەنانەت بە بێ ئەوەی داوام لێ بكەن من لایان باس دەكەم و خۆشبەختانە تا ئێستا هیچ زیانی پێ نەگەیاندووم ئەمەش هۆكارێكـــە بۆ ئەوەی بە بێ تـــرس نهێنییەكانم لای ئەو كەســـانە ئاشـــكرا بكەم".

**كچێك: تەنها دایكم هەموو نهێنییەكانم دەزانێت**

**هیچ كاتێک ئەو نهێنییانەی گرنگن باسیان ناكەم بە هەمان شێوەش داوام لە كەس نەكردووە نهێنیەكانی باس بكات**

ئا: هێمن قەسرەیی





# بەرەو تاوانکردن

**بێ دایکی و بێ نازی**

***(فەتاح ئەسعەد شینە) ئێستاکە تەمەنی (٣٥) ساڵە و لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا لەسەر تاوانی دزی (٥) ساڵ بەند کراوە. بەڵام ئایا بەڕاستی تاوانەکەی هی ئەوە بووە، ئەوەندە ساڵە لەسەری بەند بکرێ؟ سەرگوزەشتەی (فەتاح) دەبێ چی لەم تەمەنە ناسکەی ژیانیدا بەو چارەنووسە گەیاندبێ، (فەتاح) وەك ئەزموونێکی تاڵی قۆناغێکی ژیانی خۆی تەواوی وردەکارییەکانی دزیکردنەکەی و هۆی ئەنجامدانی ئەم تاوانەی و ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژیا بۆمان باس دەکات، بەو مەبەستەی وەکو وانەیەك کەسانی تر کە هاوشانی تەمەنی ئەوسای ئەون، سوودی لێببینن و لەوە بگەن کە***

**شەوانی بەندیخانە**

تەمەنم (١٩) ساڵێك دەبوو کە گیرام، بە گیرانم و خرانە بەندیخانەوە، بینینم بۆ ژیان بۆ دنیا گۆڕا، شیشەکانی بەندیخانە و شەوانی لە هاویندا گەرم و لە زستاندا سارد ئەو زەبت و رەبت و ئەو شێوە ژیانەی کە بە زۆر بەسەرتدا دەسەپێندرێ، ئەوسا و ئێستا و تا ماویشم لە بیری ناکەم. رۆژانی هەرە ناخۆشم، رۆژانی سەردانی بەندییەکان بوو، کە جگە لە خوشکەکانم کە بەرامبەرم زۆر بەوەفا بوون کەسی تر نەدەهاتە سەردانم، دایکم ئەوە هیچ کە مردبوو، باوکیشم حاشای لێکردبووم، بۆیە کە سەردانکەران دەڕۆیشتنەوە و کاتی سەردان تەواو دەبوو، دەچوومەوە سەر قەرەوێڵەکەی خۆم و رووم لە دیوار دەکرد و بە کڕی و بێدەنگی دەمێك دەگریام تا کەف و کوڵم دادەمرکایەوە ئینجا دەموچاوم دەشووشت و ئارام دەبوومەوە، من تاقانەی دایك و باوك بووم، جگە لەخۆم چوار خوشکم هەبوو، بەڵام دایك و باوکم بەتایبەتیش دایکم و خوشکەکانم هەمیشە و هەموو کات وەکو تاقانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردم، مردنی دایکم بەراستی کۆستێکی گەورە و کاریگەر بوو، بۆ من و بۆ خوشکەکانیشم کارەساتێکی راستەقینە و دڵتەزێن بوو، کە دایکم مرد من تەمەنم هێشتا دوانزە سێزدە ساڵانێك بوو، تەمەنێکی ناسك و هەستیار بوو، لەو تەمەنەدا چونکە زۆر نازم پێدرابوو، زۆر گۆش کرابووم، زۆر زۆر پێویستم بە دایکم هەبوو، بەتایبەتیش بە مردنی ئەو بۆشاییەکی گەورە لە ژیانم دروستبوو، دایکم هێشتا گەنج بوو کە مرد، خوشکەکانم هەموویان لە من گەورەتر بوون و گەیشتبوونە تەمەنی مێردکردن خوشکە بچووکەکەم نەبێت، دوو سێ مانگی پێچوو باوکم کەڵکەڵەی هێنانی ژنێکی تری کەوتە سەر و بە ماوەیەکی کورت ژنی هێنایەوە و ئێمەی کردە خاوەن باوەژن، دوو خوشکم پاش هاتنی باوەژنەکەم مێردیان کرد و چوونە ماڵی خۆیان، دووەکەی تر مانەوە لەگەڵ من، لە بەدبەختی ئێمە ئەو باوەژنەم ئافرەتێکی تا بڵێی کەللە رەق و دڵرەق و بەرچاو تەنگ و رەزیل بوو، رقی دنیای لە ئێمە بەتایبەتیش من دەبۆوە، کەسێکی بە بۆڵە و بۆڵ و شەڕانگیز بوو، ئەو ماڵەی بەتەنیا بەهی خۆی دەزانی و وایدەزانی ئێمە لێیمان زەوت کردووە، باوکیشی کردبووە ئەڵقە و لە پەنجەی خۆی کردبوو، بەتەواوەتی خستبویە ژێر کاریگەری خۆی و زاڵ ببوو بەسەریدا. بۆیە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی دەکردم و لەهەر پێداویستییەك کە پێویستیمان پێی بوایە، چەندی پێی کرابا بێبەشی دەکردین و سێ ساڵێك بەو پەڕی ناخۆشی و بێبەش و مەحرومیەتەوە بەڕێمان کرد، دوای ئەو سێ ساڵە دوو خوشکەکەی تریشم مێردیان کرد و بەتەنیا لەگەڵ ئەو مرۆڤە بێ بەزەییە مامەوە و هێندەی دیکە فشاری دەخستە سەرم و رۆژ نەبوو لای باوکم بوختانێکم پێنەکات، وایلێهات لە چوونە قوتابخانە قەدەغەی کردم و فەرمانەکەشی بە باوکم بەسەریدا سەپاندم.

**دەرچوونم لە قوتابخانە**

کە گەیشتمە (١٧) ساڵێك بەتەواوەتی لە ژیانی خۆم بێزار و نائومێد بووم، وەرزی زستانی ئەو ساڵەم بە لەرزە لەرز بەسەربرد، کە لە بێ بەختی خۆم زۆر سارد و بەستەڵەك بوو، باوەژنم بە زۆر لە ژوورێکی بچووکی سارد و سڕی پەستابووم، ئەگەر شەو تا بەیانی لەو ژوورەوە کە لێشی دەخەوتم سۆبەی ئاگر نەسووتایە تا رۆژ هەڵدەهات بە مسۆگەری دانە چۆقەم دەهات و نەخۆش دەکەوتم، چەند جارێك بەهۆی بێ نەوتییەوە سۆبەکەم هەڵنەدەکرد. چەندی پێمدەگوت سۆبەکەم نەوتی تیا نەماوە با نەوتی تێبکەم نەیدەهێشت و دەیگوت بەشی خۆمان ناکات ئەوجا نۆرەی تۆیە، ئینجا بیانووی پێدەگووتم و دەیگوت ئیش ناکات و وەکو مەڕی دابەستی لەماڵ دانیشتووە وەڵلا ئەوە چییە قوتابییە، خەریکی باوکم بوو، وەکو گوتم لە قوتابخانە دەریانکردم و باوکم لە چێشتخانەیەك کردمییە شاگرد، کاتی کارکردنم بە رۆژ بوو لە چێشتخانەکەدا بەڵام زۆر شەو هەبوو شەوەکەی نەدەچوومەوە و لەناو چێشتخانەکەدا دەخەوتم. ئەوێم لە ماڵەوە زۆر پێ باشتر بوو، چونکە هەم لە بۆڵە بۆڵی ئەو رزگارم دەبوو هەمیش لە دەست




**دوو سێ مانگان لێکۆڵینەوە درێژەی کێشا و دادگاش پێنج ساڵی رەبەقی بۆ بریمەوە**

# پەلکێشیان کرد!!

***تاوان کردن دواجار هەر سزای بەدواوەیە و مرۆڤ چەندی پێی بکرێ هەوڵبدات خۆی بە تاوان و تاوانکاری بەدوور بگرێ و هوشیار و بە ئاگا بێ، هەروەها ئەوەش بزاندرێ کە باوك و دایکیش بەرپرسیارێتیان لە بەرامبەر رۆڵەکانیان لەسەرشانە و فەرامۆش کردنیان رەنگە بە یارمەتی بارودۆخی دیکەو هۆکاری دیکەوە فرێیان بداتە ناو بازنەی تاوان و رووداوی ترسناکەوە. جا با (فەتاح) خۆی سەربوردەی تاڵی بەشێکی گرنگی تەمەنی خۆیمان بۆ باس بکات و بزانین چۆن دەستگیر کراو چی کرد و چی بەسەرهات؟ لەمەوە (فەتاح) بەمشێوەیە دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کرد و گوتی:***

ئەو ژوورە ساردە قوتارم دەبوو، ئەوە جگە لەوەی وەستاکەشم پێی خۆش بوو، دەیگوت ئاگات لە چێشتخانەکە دەبێ و پارەیەکی زیادیشی دەدامێ. لە چێشتخانەکەدا جگە لە (غاز) پریمزی نەوتیشمان بۆ لێنانی چێشت بەکار دەهێنا بۆیە بە بەردەوامی دوو سێ بەرمیل نەوتی پڕمان هەبوو، جا خاوەن چێشتخانەکە جگە لەوەی کە باوکمی دەناسی بۆرە خزمایەتییەکیشی لەگەڵ باوکم هەبوو. جا لەبەر ئەوەی نەوت ئەو ساڵانە زۆر کەم و زۆریش گران بوو، بۆیە زۆر ماڵ هەبوو نەیاندەتوانی شەو تا بەیانی سۆبەی نەوت پێبکەن، بەڵکو بەرۆژ ێپیان دەکرد و بە شەویش دەیانکوژاندەوە. جار جارە خاوەن چێشتخانەکە سەردانی باوکمی دەکرد و دەچووە ماڵەوە، باوەژنەکەم چەند جارێك پێی گوتم باشە ئێوە مادام لە چێشتخانەدا ئەوەندە نەوتە زۆرەتان هەیە و باوکیشت بۆی ناکرێت بۆچی جارجارە تەنەکەیە نەوت ناهێنیتەوە ماڵەوە؟ منیش هەموو جارێ رەتم دەکردەوە کە بە دزی وەستام شتی وابکەم، کەچی باوەژنەکەم زیاتر پێداگیری دەکرد و کەوتە ململانێی وا وەکو قیرو بنێشتە پێمەوە نووسا. خودایە چ لەو ژنە بکەم، لە خۆڕایی دزیم پێدەکات سەری کردۆتە سەرم بە ئامان و زەمان وازم لێناهێنێ، من ملم نەدەدا و ئەویش وازی لێنەدەهێنام، پێم تاوانێکی گەورە بوو دزی لە وەستایەکەم بکەم چونکە لە باوکم زۆر زیاتر باوکایەتی بۆ دەکردم و یارمەتیدەدام و متمانەی پێدەکردم. ئاخیرییەکەی بەناچاری تەنەکەیەك نەوتم لە بەرمیلەکان دەرهێنا و شەوێك بە دزییەوە بردمەوە ماڵەوە، هەفتەیەکی پێچوو دیسان داوای تەنەکەیەکی تری لێکردم، من کەچ بووم و دووبارە کارە نەشیاوەکەم کردەوە، زۆرم پێناخۆش بوو، بەڵام چ دەسەڵاتم نەبوو، بە کورتی لە بەرنامەی دابوو هەموو هەفتەیەك تەنەکەیەك نەوتی بۆ ببەمەوە، هەفتەی سێیەم دیسان بەملکەچییەوە هەمان شتم کردەوە، ئەوەبوو ویژدانم زۆر ئازاری دەدام، بڕیار وابوو ئەگەر واز نەهێنێ، مەسەلەکە بۆ وەستاکەم ئاشکرا بکەم، تومەز لەتەنەکەی دووەمدا بە دزییەوە خەبەری وەستاکەمی دابوو، منیش ئاگام لێی نەبوو، بۆیە وەستاکەم بە رۆژ کە دەهاتە چێشتخانە بێ ئەوەی من پێی بزانم سەیری بەرمیلەکانی دەکرد و حسابی دەکردن، ئەو بەتەواوەتی گەیشتە قەناعەت کە من نەوت لە بەرمیلەکان دەبەم، جاری چوارەم کە دوو هەفتەی پێچوو ئینجا دزییەکەم کردەوە. شەو نازانم چۆن وەستاکەم بە دزییەوە چاودێری دەکردم، بۆ بەختی منیش ئەویش بە کەسێکی ناپاك و دەست پیس و دزم تێگەیشتبوو، بۆ جاری پێنجەم کە من خۆم یەکلا کردبۆوە بە وەستاکەم بڵێم و هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا بکەم، بەڵام هەر هێندەم زانی لە کاتی تێکردنی نەوت کە بەخۆی و دوو سێ کارمەندی نەهێشتنی تاوان بە ژووری کۆگا کەوتن و مەسەلەکەم لێ ئاشکرا بوو، ئەوانیش کەلەپچەیان لەدەستم کرد، چەندی کردم و کۆشام و پاڕامەوە گوتم بەس گوێم لێبگرە و بەسەرهاتەکەم بزانە، گوێی لێنەگرتم و تەنیا ئەوەندەی گوت: نەوتی چێشتخانە بدزە و بە باوەژنەکەشت بڵێ کڕیومە بۆ ئەوەی خۆت لای ئەو خۆشەویست بکەی، چیت هەیە و نییە لای دادگا بیڵێ، لای من مەیڵێ، چونکە باوەڕت پێناکەم، ئەوەبوو راپێچکرام و لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کرا.

دوو سێ مانگان لێکۆڵینەوە درێژەی کێشا و دادگاش پێنج ساڵی رەبەقی بۆ بڕیمەوە، دوای بەسەربردنی حوکمی بەندکردنەکەشم کە هاتمە دەرەوە باوەژنەکەم بەنەخۆشی شێرپەنجە مردبوو، باوکیشم چونکە فشاری خوێنی بەرز بوو، چارەسەریشی وەرنەدەگرت و دەرمانی بەکار نەدەهێنا، دوو سێ جار جەڵتە لێیدابوو، دواجار شەوبوو لەماڵەوە ژانە سینگی گرتبوو، هەتا گەیشتبووە حەوشەکە بەربۆوە و هەر لەناو حەوشەکەدا کەوتبوو و، گیانی سپاردبوو، خەڵك بەرێکەوت بەتایبەتی هاوسێکان زانیبویان، بۆیە کە ماوەی بەندییەکەم تەواو کرد، هیچ ماڵ و حاڵێکمان نەبوو، خوشکە گەورەکەم منی بردە لای خۆی و دوای چەند مانگێك بە یارمەتی ئەو و خوشکەکانی ترم ژنم هێنا و قۆناغێکی تر لە ژیانم دەستپێکرد.



**کە گیرام تەمەنم (١٩) ساڵێک دەبوو بە گیرانم و خرانە بەندیخانەوە روانگەم بۆ ژیان گۆڕا**

# قەدەرێکی سەیر...



## حەسرەتێك پێنج ساڵی كێشا

(بژار) و(نیان) پاش پێنج ساڵان تلانەوە و حەسرەت، پێنج ساڵی رەبەق ئازار و شەونخونی بەیەك نەگەیشتن و چاوەڕوانییان بەو پەڕی سەبرەوە چەشت، ئەوانە بڕیاری خۆیان دابوو، ئەوەی كە رێگری سەرەكی بەیەك گەیشتنیان بوو باوكی نیان بوو ئەوانەی بڕیارەكەی خۆیان لەویش گەیاندبوو، دوای ئەو ماوە دوور و درێژە ئاخیرییەكەی باوكە كەللە رەقەكەی (نیان) رازی بوو(نیان) بدرێتە(بژار) ، بەڵام دوای ئەو رازی بوونەش هەر نەبووە هۆی ئەوەی بەڕاستی بگەنە یەكتر.. بۆچی و چی بووە رێگر دیسان ؟ با لە زاری (بژار) خۆی ببیستین و بیزانین..(بژار) چیرۆكی خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان خۆی و (نیان) بەمشێوەیە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: من و (نیان) پێكەوە لە فەرمانگەیەك بووین، هەر چەندە من ساڵێك پێش ئەو دامەزرابووم، بەڵام نزیكەی شەش ساڵان لەو فەرمانگەیە پێكەوە بووین ، كە لە فەرمانگەكەی ئێمە دامەزرا، هەر زوو رۆژی یەكەمی دەوام كردنی سەرنجی راكێشام و چووە دڵمەوە، بەڵام تا پەیوەندییەكەمان دروستبوو چوار پێنج مانگی خایاند.. بەڵام (نیان) بەهیچ شێوەیەك بەنیازی پەیوەندی دروستكردن نەبوو، هەر پەیوەندی و بەس، ئەو دوای ئەوەی كە كەسی بەرامبەری بەدڵی دەبێ و باش هەڵیدەسەنگێنێ ئینجا بڕیاری ئەوە دەدات كە رازی دەبێ بە پەیوەندییەكە، بەڵام دەشبێ ئەنجامەكەشی دیار و ئاشكرا و راشكاوانە بێت، نەك بۆ چارەنووسی لێبگەڕێ و بەس، من كە هەوڵ و كۆششم دەدا دڵی خۆمی پێبڵێم لە رێی كچێكی هاوڕێمەوە، ئەو بەو شێوەیە وەڵامی دابۆوە، بۆیە ماوەیەكی زۆری پێچوو، تاوەكو بە تەواوەتی لە نیاز و مەرامی من گەیشت و لێم دڵنیابوو ئینجا رازی بوو پەیوەندیم لەگەڵدا ببەسێ، ئەوەبوو من ماڵی خۆمانم ئاگاداركردەوە كە بەنیازی فلانە كچم ئەوانیش دوای ماوەیەك گەڕان و سۆراغكردن رازی بوون لەسەر ئەوەی دوای خۆ ئامادەكردنم و سازكردنی كەلوپەلەكانی ناوماڵ و هەرچی پێداویستی پێكهێنانی ژیانی هاوسەرێتی هەیە و ئەوەی لە توانام دابوو كڕیم و دامنان، نزیكەی حەوت هەشت مانگ بەسەر پەیوەندییەكەماندا رەتبوو، ئینجا ژنان چوونە داخوازی و پاش قسە و گفتوگۆی چەند هەفتەی ئەوان، دواتر مەسەلەكە كەوتە لای پیاوان و ئەوانیش تاوتوێی باسەكەیان كرد و رازی بوون لەسەر ئەوەی كە ماڵی داخوازیكەر بێنە پێشەوە، ئەوەبوو شەوێكیان بۆ ئەم مەبەستە دانا، كە پیاوان بچنە داخوازی، لە رۆژی دیاریكراودا ئێمە چووین و دوای چاخواردنەوە مامم قسەی كرد و باسەكەی كردەوە، ئەوانیش قسەكانیان وەرگرت و پاشان، باوكی (نیان)بەمنی گوت(نیان) چۆن دەناسی؟گوتم پێكەوە لەیەك فەرمانگەین یەكێ لە مامەكانم لە دەمی دەرچوو گوتی: مامە(عزەدین) (ناوی باوكی نیان بوو)، ئەوانە دەمێكە دڵیان بەیەكەوەیە، مام(عزەدین)ی باوكی (نیان) لەم قسەیە تێكچوو، دەمووچاوی سوور هەڵگەڕا و تۆزێك گرژ بوو، بەڵام سەرەتا بەسەرخۆیدا نەهێنا، گوتی: دڵیان بەیەكەوەیە مانای چییە؟ لەو قسەیەی جەنابت تێگەیشتم ئەوانە یەكتریان خۆشدەوێت؟ مامیشم بەوپەڕی دڵسافی و خۆش باوەڕییەوە گوتی: ئەرێ وەڵڵا هێندە یەكترییان خۆشدەوێت هەتا خوا دەڵێ بەسە، باوكی(نیان) سەیرێكی منی كرد، گوتی: وایە (بژار)؟ منیش وەڵامیم نەدایەوە.

دیسان پرسییەوە و گوتی: كوڕم قسە بكە خۆشەویستی عەیبی تێدا نییە، من دڵم بەوە خۆش دەبێ ئەگەر بەڕاستی قسەم لەگەڵدا بكەی، تا بتوانم متمانەت پێ بكەم، ئەو قسەیەی هەم تۆزێك شەرم و ترسی شكاندم، هەمیش قەناعەتم بەوە هات ئەگەر راستییەكەی پێ بڵێم بەراستی وا دەبێ و متمانەم لەلای زیاتر دەبێ و خۆشەویستتر دەبم، بۆیە منیش لە دەمم دەرچوو گوتم: بەڵێ دەمێكە یەكترمان خۆش دەوێ، ئەوەندە قسەیە بەس بوو كە وەك فیشەكە شێتە بتەقێتەوە ، ئینجا كردیە، هاتوو هاوار و نەڕە نەڕێك نەبێتەوە، چەندی دانیشتووانی مەجلیسەكە، مامۆستای ئایینی، پیاو ماقوڵان قسەیان كرد و عوزر خوازیان هێنایەوە بێ سوود بوو، لەكەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە و داخوازییەكەی رەتكردەوە ، جەماعەت مردن و سووتان لەگەڵی بەڵام نەیانتوانی پەشیمانی بكەنەوە، ئاخیرییەكەی پێیگوتین براینە فەرموون شتێك نەما بگوترێ، بە كورتی دەریكردین، پیاوانی مەجلیسەكە گوتیان: ئەوانە یەكتریان خۆشبوێت باشترە، خۆی نیازیان پاكە و ئەگەر یەكتریشیان خۆشدەوێت خۆشەویستییەكی راستەقینە و بێگەردە، هیچ قسەیەك باوكی(نیان)ی لە رای خۆی پەشمان نەكردەوە ئێمەش ناچاربووین بە دڵشكاوییەوە مەجلیسەكە، بەجێ بێلین و بگەڕێینەوە، ماوەیەك بەسەر داچوو باوكم چەند كەسێكی تری ناردەوە، بەڵام لەبەرامبەر سووربوونی

باوكی (نیان) لەم قسەیە تێكچوو، دەمووچاوی سوور هەڵگەڕا و تۆزێك گرژ بوو، بەڵام سەرەتا بەسەرخۆیدا نەهێنا



# ئاهەنگ بووە کارەسات

باوکی (نیان) لەسەر هەڵوێستە سلبیەکەی خۆی ئەوایش بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوە، من و (نیان)یش بە خەم و خەفەتی خۆمان ماینەوە لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی باوکی (نیان)دا، من و (نیان)یش بەڵێنمان بەیەکدا کە لەسەر خۆشەویستی و هەڵوێستی خۆمان، بە دڵسۆزی و خۆشەویستی بمێنینەوە، ئەوەبوو چەندین کەس دەچووە داخوازی (نیان) ئەویش هەموویانی ڕەتدەکردەوە، بەوە باش بوو باوکی (نیان) بە زۆری زۆردارەکی کچەکەی بە مێرد نەدەدا، ئێمەش لەبەرامبەر ئەمە دا سەبر و ئارامیمان هەڵبژارد و ڕێگەی دادگامان نەگرتەبەر و نەمانکردە ناخۆشی، بەتایبەتی کە بنەماڵەی (نیان) ڕێزێکی زۆر بۆ گەورەکانیان دادەنا، بەڵام چاوەڕوانیش تاکەی..؟.

## پاش ڕازی بوون و مارەکردن

ڕەتکردنەوە و بێدەنگی بوون تاسەر مومکین نییە، لە مەسەلەیەکی وەك خۆشەویستی و داخوازیکردن درێژە بکێشێ، هەر وەك (بژار) خۆی باسی دەکات و دەڵێ: کەسوکاری هەردوولامان خەم و خەفەتیان بۆ دەخواردین و دوای بەسەر چوونی پێنج ساڵ و هەوڵ و کۆششی دیکەش ئاخیرییەکەی باوکی (نیان) ڕازی بوو (نیان)کچیم بداتێ و ڕێگەیدا لەیەك مارە بکرێن، ئەم ڕووداوە بۆ (من و نیان) سەر لە نوێ لە دایکبوونەوە و ژیانەوە بوو، بۆیە پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، پاش سەبرو تەحمولێکی زۆر بەیەکگەیشتین،.. دوای مارەکردن و شەکراو خواردنەوە و ئەو جۆرە ڕێوەرسمانە هەردوو بنەماڵە لەسەر ڕۆژێك بۆ سازدانی ڕێورەسمی گواستنەوە و زەماوەندکردن ڕێکەوتین، ڕۆژی زەماوەندکردن و هەڵگرتنی بووك لە ماڵی بوکێ هەینی بوو، ئەو ڕۆژە ئێمە خۆمان سازکرد بۆ ئەوەی بچین بە ئۆتۆمبێل(بووك) هەڵبگرین، دیارە ڕۆژی زەماوەندیش بە حوکمی ئەوەی بۆنەیەکی خۆشەو هەموو لایەك دڵخۆش و شادمانن و خەڵکێکی زۆر داوەت دەکرێن هەم بۆ ئاهەنگەکە و هەمیش بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، ئەوەبوو ڕۆژی هەینی پاش تەواوکردنی پێداویستییەکانی دی بە چەند ئۆتۆمبێلێك بەڕێ کەوتین بۆ ماڵی بووکێ بۆ هەڵگرتنی بووك لە پێش ماڵی (نیان) قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو، کە گەیشتین ئۆتۆمبیلمان ڕاگرت و پاش مانەوەی پتر لە کاتژمێرێك، ئیتر بووکمان سواری ئۆتۆمبیل کرد، ئەوانی دیش هەموو سواری ئۆتۆمبیلی خۆیان بوون بۆ بەڕێکەوتن، کە ئۆتۆمبێلەکەم بە ئیش خست هەندێ منداڵ و ژنم لە پێش وەستابوو دوو ئۆتۆمبیلی دیکەش پێشیان گرتبووم لە ناو ئۆتۆمبیلەکەی خۆم باوکم و ماموژنم و (نیان) سوارببوون، ئەوان بە منیان گوت پێشت گیراوە ناتوانی دەربچێ تۆزێك بڕۆ دواوە و پێچ پکەوە تا بتوانی دەرچی و لەم حەشامەتەش ڕزگارمان بێت، یەك دوو ژنیش گوتیان بڕۆ دواوە تا بتوانی بوار وەربگری و دەربچی، لەبەربەختی من برایەکی (نیان) لەپشت ئۆتۆمبێلەکەم بوو، لەسەر چینچکان دانیشتبوو خەریکی بەستنی قەیتانی پێڵاوەکەی بوو، ڕێك لە پشت تایەی دواوەش دانیشتبوو، چۆن گەڕامەوە دواوە یەکسەر کەوتە ژێر ئۆتۆمبێلەکەم و تایەی دواوە بەسەر سەریدا کەوت و سەری پان کردەوە و دەموودەست و هەر لەبن ئۆتۆمبێل گیانی لە دەستدا، ئەم ڕووداوە هەمووی چەند چرکەیەکی نەخایاند و یەکسەر دەنگ و قیژە و هاواری ژن و پیاوان بەرزبۆوە و ڕاوەستە ڕاوەستە بەسەری کەوتی و وەڵڵا کوشتت لە دەمی سەد کەس هاتە دەرەوە، لە دڵی خۆم گوتم، بەخوا هەر واش بوو برایەکی (نیان) بوو شێلام و دەمودەست کوشتم، ئیتر ماڵم وێران بوو، شایی و زەماوەند بوو شین و تازییە و گریان و فیغان و لە خۆدان، کەس ئاگای لە بووك و زەماوەند و ژنگواستنەوە نەما، باوکی (نیان) کە مەلەسەکەی زانی یەکسەر لە هۆش خۆی چوو، ئەویش گەیەندرایە نەخۆشخانە ئیتر لە جیاتی خۆشی شین و لەخۆدان و خۆڕنینەوە و تازیە هاتە پێشەوە... سێ ڕۆژ لە مزگەوت و دوو ڕۆژی تریش لە ماڵ، باوکی (نیان) گوتی: یا بە گرتنت دەدەم و شکایەتت لێدەکەم یان دەبێ (نیان) تەڵاق بدەی، منیش چونکە خۆم بە گوناهبار و تاوانبار دەزانی و شتەکە لە دەست من قەوما بوو، زمانم لاڵ ببوو، چاو و ڕووی هیچم نەبوو بیڵێم، ئاخیرییەکەی ناچاربووم، (نیان) تەڵاق بدەم، پاش پێنج ساڵ چاوەڕوانی ئەوەش قەدەرم بوو، ئەوە چوار پێنج مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا ڕەتبوو هەر کەسە لە ماڵی خۆیەتی و چاوەڕێم شتێك، پاکانەیەکم بکەوێتە دەست ئەو هەڵە ڕاست بکەمەوە کە خواش دەزانی هەڵەی منی تێدانەبوو، ئەگەر ئەوانی ئەوێندەر نەیانگوتبا بکشێوە دواوە، من نەدەهاتمە دواوەو و ڕۆژێك بێت بێ کێشە ئەو کەسە مارە بکەمەوە کە بەبێ ئیرادەی خۆم تەڵاقم دا.

**باوکی نیان گوتی: یان بە گرتنت دەدەم و شکایەتت لێدەکەم، یان دەبێ(نیان) تەڵاق بدەی، منیش لەبەر ئەوەی خۆم بە گوناهبار دەزانی و چاو و ڕووم نەبوو، ناچار بووم بڵێم تەڵاقی دەدەم**

# لەنێو فایلەکانی دادگاوە




# ئەزموونی تاڵی کچێک لە زانکۆ

ئا: باوکی میدیا

## کچێکی نەونەمام و کەم ئەزموون

(شەیما) قوتابی بوو لە کۆلیژی ئەندازە و خۆی خەڵکی شاری (موسڵ) بوو، بەڵام ناوی لە زانکۆی ئەم شارە دەرنەچوو بوو، ئەگەرچی سەرەتا خێزانەکەی رازی نەبوو بوون کە کچە جاحێڵەکەیان بەتەنیا بۆ خوێندن بچێتە شارێکی تر، با کۆلێژەکەش کۆلیژێکی باش بێت، بەڵام ئەوەی وایکرد کە خێزانەکەیان رازی بن، ئەو کچە هاوڕێیەی (شەیما) بوو کە ناوی (نادیە) بوو و دراوسێی ماڵیان بوون. ئەوان هەردووکیان وا رێکەوت کە ناویان لە کۆلیژی ئەندازیاری دەربچێت، بەڵام هەریەکە و لە بەشێکی جیاواز، بە هەوڵی هەردوولا و ماڵی (نادیە) توانیان دایك و باوکی (شەیما) رازی بکەن کەوا رێگە بدەن کچەکەیان لە زانکۆیەکی دەرەوەی شارەکەیان بخوێنێ، (شەیما) ئەو رۆژەی کە ماڵەوەیان رازی بوون لەسەر بەردەوامبوونی لەسەر خوێندنەکەی، جەژنی بوو، خەریك بوو لە خۆشیان شێت دەبوو، دەیان خەونی سەوزی بە کۆلیژ و ناسینی کوڕێکی کۆلیژی ئەندازیاری کە بەیانی دوای تەواوکردنی کۆلێژ هەردووکیان وەك ئەندازیار دەردەچن و پێکەوەنانی خێزان و. دەیان و دەیان خەون و خەیاڵی خۆشتری تر. هەرکە ناویان دەرچوو، دایك و باوکی رازی بوون، خۆی و (نادیە) جانتا و جل و بەرگ و پێداویستییەکانی سەفەر و نیشتەجێبوون لە شارێکی تر، دوور لە کەس و کار و هەندێ شتی تریان، ئامادە کرد و بەرەو زانکۆکە بەڕێ کەوتن، دوای هەفتەیەك دەستیان بە دەوامی ئاسایی کرد و لەبەشە ناخۆیی کچان شوێنێکیان بۆ مەیسەر کرا، لەساڵی یەکەمی خوێندنیدا هیچ کێشەیەکی وای بۆ نەهاتە پێش، بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی بڕی، بەڵام لە ساڵی دووەمدا، کە خۆی بووە قوتابی قۆناغی دووەم، کوڕێکی ناسی کە ئەویش خەڵکی شارێك لە شارەکانی باشووری عێراق بوو، کوڕە وای نیشانددا کە بۆی سووتاوە، یەکترناسینەکەشیان لە ئاهەنگی یەکتر ناسین بوو. بەهەرحاڵ کاتێك هەردوولا بۆ پشوو دەچوونە کافتریاکە، کوڕەکە کە ناوی (عەلی) بوو بە هەرچۆنێك بایە دەرفەتێك یا رێکەوتێکی دەدۆزیەوە و خۆی دەگەیاندە مێزەکەی (شەیما و نادیە)، بەمجۆرە ئەو هەوڵانەی (عەلی) بەردەوام بوو، تا توانی پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی بەهێز و دواتر خۆشەویستییەکی بەهێزتر لە نێوان خۆی و (شەیما) دروست بکات.

ئەم پەیوەندییە رۆژ بە رۆژ و مانگ بە مانگ بەهێزتر دەبوو، تا وایلێهات دەبوو هەموو رۆژێ پێکەوە بن و گەڕان و پیاسەی خۆیان بکەن، تا گەیشتنە قۆناغی دواتر، واتە کە (شەیما) چووە قۆناغی سێیەم، لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم قۆناغەوە (نادیە)ی هاوڕێی چەند جارێك هۆشداری دایە (شەیما) کە ئەوەندە لەگەڵی دەرنەچێ و تا درەنگ لەگەڵی نەمێنێتەوە. (شەیما) سات بە سات دەرچوون و پیاسەکانی خۆی لەگەڵ (عەلی) بۆ (نادیە) باس دەکرد، ئەویش هەمیشە و بە بەردەوامی رەخنەی



لێدەگرت کە هێشتوویەتی (عەلی) ئەوەندە لێی نزیك بێتەوە. (شـــەیما) هەموو جارێ دەیگـــوت: کچێ نازانم تـــۆ بۆ ئەوەندە لە کوڕان بە گومانـــی و لە هیچ و خۆڕایی لە کوڕ دەترسـێیت، ئەو سەد جار سوێندی خـــواردووە و بەڵێنـــی داوەمەتـــێ کە دێتە داخوازیم، من بەتەواوەتی بڕوای پێدەکەم و متمانەم پێی هەیە. بڕوام پێی هەیە چونکە لـــە خێزانێکـــی دەوڵەمەند و تا ئێســـتاش چیم ویســـتوە و چیم لێداوا کـــردووە، بێ پرســـیارکردن بۆی هێناوم، زۆر جار شتی وای پێداوم ئەسڵەن هەر لە خەیاڵیشم نەبووە و داواشم نەکردووە.

**شەوە سەوزەکە**

کاتژمێر دەوروبەری (١٠/٥) ی بەیانی بوو، کە (شەیما) بەهاوڕێیەتی (نادیە)ی دەستەخوشکی چوونە ئەو بنکە پۆلیسیەی کـــە لە نزیك بەشـــە ناوخۆیەکەیان بوو، بە پرســـیارکردن چوونە ژووری ئەفســـەری بنکەکە و خۆیان پێناســـاند، دوای کەمێك ئەفسەرەکە لێی پرسی کە بۆچی هاتووە و چی دەوێ و وتی: فەرموو خێرە هاتوویتە ئێرە، کێشـــەیەکت هەیە؟ ئەوەی بە زمانی عەرەبی پێی گوت. (شـــەیما) دەستی بە گریان کـــرد و نەیتوانی قســـە بکات، لە جیاتی ئـــەو (نادیە)ی دەستەخوشـــکی قسەی کرد و گوتی: یەك دوو ساڵێکە ئەم دەستەخوشکەم پەیوەندییەکی خۆشەوستی لەگـــەڵ کوڕێك هەیە، کـــوڕە زۆر بەڵێنی سەوز و ســـووری پێداوەو ئەمیش لەگەڵی بـــووە، تا پەیوەندییەکیـــان زۆر بەهێز بوو، ئیتر چەندین جار بەیەکەوە پیاسەیان کردووە و بەتەنیا دانیشـــتوونە و هیچ کێشـــەیەك ڕووینەداوە. تا ئەو ڕۆژەی کوڕە گورزەکەی خۆی وەشاند. لێرەوە (نادیە) وەستاو داوای لە ئەفسەرەکە کرد کە هانی (شەیما) خۆی بدات کە بەخۆی کێشـــەکەی بگێڕێتەوە و باس بـــکات، ئەوەبوو ئەفســـەرەکەش پێی گوت: ئەم دەستە خوشکەت دەبێتە شاهید و تۆش وەك دادخواز ســـکاڵات بۆ تۆمار دەکەم و دۆســـیە بۆ کێشـــەکەت دەکەمەوە و وا دەکەیـــن کە کوڕە دەســـتگیر بکەین. بەمجۆرە (شـــەیما) لەســـەرێکەوە ســـوور هەڵگەڕابوو لە شـــەرمان، لەســـەرێکی تر لەبەر هەنسکی گریانیش خۆی پێنەدەگیرا و توانای قســـەکردنی نەبوو، ئەفســـەرەکە دڵنیـــای کردەوە کـــە ئەو وەکـــو برایەکی وایـــە و ئەم یەکەم کەس نییە کە کێشـــەی هەبووە، ڕۆژانە کێشـــەی لەو جۆرە و هی تریشیان دێتە پێش، ئەم قسانەی ئەفسەرەکە (شـــەیما)یان هێـــور کـــردەوە و ئەمجارە لەجیاتی گریان و هەنســـکدان، ڕق و کینە لە دەروونیدا گڵپەی ســـەند و ئیتر دەستی بـــە گێڕانەوەی ناوەڕۆکی گرفتەکەی کرد و داوای وەرگرتنی ڕێوشوێنی توندی لە دژی دەکرد. (شەیما) دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کرد و گوتی: من کوڕێکم بەناوی (عەلی) خۆشدەویست، ئەویش وای نیشان دەدا کە منی خۆشدەوێت و تەنانەت ڕۆژێ دە جـــاران خۆی بە قوربانم دەکرد و دەســـتی ماچ دەکـــردم، زۆر بە فروفێڵ و نـــەرم و نیانی لێم هاتە پێشـــەوە، تەنانەت هەموو شـــتێکی دەکرد تەنیا بۆ ئەوەی دڵم بکەوێتە سەری، ئیتر منیش کەوتمە داوی و گیرۆدەی بووم، چەندین جار بەیەکەوە و بەتەنیا پیاســـەمان دەکرد، پەیوەندییەکەمان دوو ساڵی خایاندووە.

لە ســـاڵی یەکەمدا تەنیا لەناو کۆلیژدا پیاســـەمان دەکرد، بەڵام لە ســـاڵی دووەم لەناو شـــار و لە بـــازاڕ و هەندێ جاریش لە باغی گشـــتی شـــارو یەك دوو جاریش دەیبردمەوە شـــوقەکەی خۆی کە بە تەنیا لێی دەژیا و بەکرێـــی گرتبوو، چونکە لە خێزانێکی دەوڵەمەند بوو، بۆیە نەچوو بووە بەشـــی ناوخۆیی. دواجـــار دوو ڕۆژ پێش ئێســـتا ئێوارەیەکیان گوتی ئەم ئێوارەیە لە چێشـــتخانە خواردن دەکڕم و لە شوقەکەی خۆم پێکەوە نانی ئێـــوارە دەخۆین، منیش ڕازی بووم، کە ئێوارە چووینەوە لەسەر ڕێگا خواردنە ســـەفەرییەکەی کڕی و بردمانەوە شـــوقە و نانی ئێوارەمان لەوێ خوارد، تا درەنگانی شەو مامەوە، ئیتر لێم هاتە پێشەوە و دەستی کرد بە ماچ کردنم. نێو کاتژمێرێك خەریکـــی یەکتر بووین، هەر هێندە بە ئاگا هاتمەوە دیتم کچ نەماوم، دەستم بە گریان و لەخۆدان کرد، بەڵام ئەو هەر زوو هێمنی کردمەوە گوتی: بۆ وا دەکەی ئەگەر حەز دەکەی بەیانی لەگەڵم وەرە شاری خۆمان و دەتبەمـــە لای دایك و باوکـــم و تۆیان پێدەناســـێنم و دەڵێم دەمەوێ داخوازی ئەم کچەم بۆ بکەن، هەموو شـــتێکیان بۆ باس دەکـــەم تەنیا ئەم مەســـەلەیە نەبێ، پێیان دەڵێم کە ئێمە یەکتریمان خۆشـــدەوێ. ئیتر منیش هێمن بوومەوە و تا ڕادەیەك ترسەکەم ڕەوییەوە، بەڵام زۆر بە قوڵی نیگەران بووم، کە هاتمەوە بە (نادیە)م گوت شتێکی وەهام بەسەرهاتووە، گوتی هەتا زووە با بەگەرمی چارەسەری بکەین ئەگینا خـــۆی دەرباز دەکات. ئیتـــر ئەوەبـــوو بەیانی کە چوومە کۆلێژ پرســـیارم کرد گوتیـــان نەهاتووە. چاوەڕێـــم کرد تـــا تەواو بوونـــی دەوامی کۆلیـــژ، لە یەکێ لە برادەرەکانیم پرســـی گوتم: کوا (عەلـــی) گوتی نازانم ئەمڕۆ نەهاتـــووە، بۆیە لەبەر ئەوە مـــن داوام لە دژی هەیە چونکە دەســـتدرێژی لێکردووم و نامووسی بردووم.

**هەڵاتنی کەتنکەر**

ئەفســـەرەکە کە بە جوانـــی گوێی لە بەســـەرهاتەکەی (شـــەیما) گرت زانی کەســـێك بۆ مەرامێکی خۆی زاڵمانە لە خشتەی بردووە، بۆیە زوو بە زوو دۆسییەی بۆ کردەوە و هەموو شتەکانی ئامادە کرد، وتەکانی (شەیما) ی نووسیەوە و گەیاندیە لای دادوەر، ئەویـــش فەرمانی دەرکرد کە بە زووترین کات (عەلی) دەستگیر بکرێ و لێکۆڵینـــەوەی لەگەڵدا بکرێ، هەر ئەو ڕۆژە ئەفسەرەکە فەرمانی دەستگیرکردنی ئامادە کرد و چوون لە ڕێگەی ڕاگرایەتی کۆلیژ هەوڵیاندا دەســـتگیری بکەین، بەو مەرجـــەی کـــەس بە گرتنەکـــە و هۆی گرتنەکە و کێشەکەی (شەیما) نەزانێ).

ئەوەبـــوو بەخۆی و چەند پۆلیســـێکەوە لە ڕێگەی پرســـگە و ئیـــدارەی کولیژەوە گوایە لە بەشـــێکی سەر بە زانکۆ کاریان پێیە نەخشـــەیان دانا بۆ دەستگیرکردنی، پاش هەوڵ و کۆششـــێکی زۆر دەرکەوت کـــە (عەلـــی) بەیانی زوو ئەم شـــارەی بەجێهێشتووە و کەسیش نەیزانیوە بۆ کوێ ڕۆیشتووە، بۆیە بەدەست بەتاڵی گەڕانەوە بنکـــە، لەوێ کە (نادیە و شـــەیما) هەر لە چاوەڕوانی دابوون و پێشـــبینیان دەکرد لەگـــەڵ خۆیانی بهێنن کە ئەفســـەرەکە مەسەلەکەی پێگوتن، (شەیما) یەکسەر لە هـــۆش خۆی چوو، دوای بە خۆهاتنەوەی بەنائومێـــدی و تێکشـــکاوی، دوای کاتژمێرێك گریان و هەنســـك دان، بنکەی پۆلیسی بەجێهێشت، بەو ئومێدەی بەیانی دەستگیری بکەن، بەڵام نەك بەیانی بەڵکو هەفتەیەکیشـــی پێچوو کەچـــی کابرای کەتنکەر هەر ئاسەواریشی نەبوو. دوای ئەو هەفتەیە (شەیما)ش کۆلیژی بەجێهێشت، نە (عەلی)یـــش جارێکی تر نەهاتەوە ئەم کۆلیژە.

**بە نائومێدی و تێکشکاوی، دوای کاتژمێرێک گریان و هەنسک دان، بنکەی پۆلیسی جێهێشت، بەو ئومێدەی بەیانی کەسی کەتنکەر دەستگیر بکەن**

# سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی (Social Insurance) دەتوانێ ئیزافەیەکی بەهێز لەژیانمان بکات؟




سیستمی بیمە یان دەستەبەری کۆمەڵایەتی (التأمین الاجتماعی- Social Insurance) لەکورتترین پێناسەیدا بریتییە لەزامنکردنی ژیانی ئەوانەی کە رۆژێك لەرۆژان لەکەرت و بوارە جیاجیاکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەتدا بەرهەم و خزمەتیان پێشکەشکردووە و پاشان بەهۆی نەخۆشی یان بەساڵاچوون و خانەنشینی دانیشتوون و توانای کارکردنیان نەماوە، هاوکات زامنکردنی ژیانی ئەوانەش دەگرێتەوە لەکاتی کارکردندا تووشی رووداو یان پێکان و هەر ناخۆشییەك دەبن.

لەهەموو وڵاتێکدا ئەو سیستمە لەرێگەی یاسا تایبەتەکانەوە رێکخراوە بەڵام رادەی سوودبەخشی و ئەکتیڤی لەوڵاتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێ، زۆرێك لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوین تەنها بۆ ناو و بەشێوەیەکی سیمبۆلیك سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان لەیاسادا جێگیرکردووە، بێئەوەی ئیزافەیەکی بەهێز و بەرچاوی لەژیانی خەڵکیدا هەبێ، کەچی لەرۆژئاوادا ئەو سیستمە تەواو ئەکتیڤ و لەشوێنی خۆیدایە و دەوڵەت بەهۆیەوە خۆی لەرێژەیەکی بەرچاو لەدەرد و ئاریشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان رزگارکردووە.

بوارەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆر و هەمەلایەنە، هەندێ وڵات بەپێی زروف و قۆناخی بابەتییەوە زۆرترین توێژەکانی کۆمەڵ دەخاتە نێو بازنەی سیستمەکەوە، بەڵام گەر بپرسیین کێن ئەوانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی شمولیان دەکات، دەبێ بڵێین:

- بەساڵاچوان و نەخۆش و پەککەوتووان بەتایبەت ئەوانەی رۆژگارێك لەکەرتی ئەهلی یان حکومەت کاریانکردووە.
- خانەنشینان جا کەرتی مەدەنی بێ یان سەربازی.
- جووتیار و کرێکار و پاڵە و ئەو کارمەندانەی لەکاتی ئیشکردندا دووچاری رووداو و نەهامەتی دەبنەوەوە و بەهۆیەوە توانای کارکردنیان نامێنێ جا بۆ ماوەیەکی کاتی بێ یان هەتا هەتایی.
- بێگومان بەکارخستنی ئەو سیستمە لەرێگەی وەزارەتی کار یان کاروباری کۆمەڵایەتییەوە جێبەجێ دەکرێ، زیاتر لەسوود و مەغزایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، وێڕای پارێزگاریکردن لە رشتەی کۆمەڵایەتی هۆکارێکیشە بۆ بەهێزکرنی بونیادی ئابووری و بەهێزکردنی سیستمی پارێزی کۆمەڵایەتی (Social Security). بەگشتی دەکرێ سوودە گشتییەکانی ئەو سیستمەش لەمانەی خوارەوە چڕبکەینەوە:
- سوودە خێزانییەکان.
- دەستەبەرکردنی لایەنی تەندروستی ئەوجۆرە مرۆڤ یان خێزانانە.
- جگە لەسوودە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان سوود بەسیستمی سیاسی و ئەدای کاری دەوڵەتیش دەگەیەنێ.
- قسەکردن لەسیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەوانەیە تا ڕادەیەك سنووردار و چوارچێوەداربێ، چونکە سوود و بوارەکان دیار و دەستنیشانکراون، وەلێ ئەوەی ئێمە گەرەکمانە سوودوەرگرتنە لەڕا و بۆچوونی شارەزایان و تەجرەبەی سەرکەوتووی هەندێ لەوڵاتان تا بەهۆیەوە سوود بەنیزامی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کوردستان ببەخشین و ئەکتیڤ و چالاکتری بکەین.

پرۆفیسۆر جۆن كرۆس ئوستادی سۆشیۆلۆژی لەزانكۆی ماری واشنتۆن (Mary Washington) بۆ گوڵان:

# زۆر گرنگە هەر سیستمێكی بیمەی كۆمەڵایەتی پێوەرەكانی ئایدیالیزم و ریالیزمی لەبەرچاوبێت



## قسەكردن لەسەر بیمەی كۆمەڵایەتی بەبێ هیچ لێكۆڵینەوەیەک وەک ئەوە وایە ئافرەتێك بەبێ ئاوێنە ماكیاژ بكات

***د. جۆن كرۆس مامۆستای سۆشیۆلۆژیە لەزانكۆی ماری واشنتۆنی (Mary Washington) ئەمریكی و ماستەر و دكتۆرای لەزانكۆی كالیفۆرنیا لەلۆس ئەنجلۆس بەدەستهێناوە. تائێستا چەندین كتێب و وتاری گرنگی لەبارەی مژارە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان نووسیوە و چەندین توێژینەوەشی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو و ئەمریكای لاتین كردووە. ناوبراو لەدیمانەیەكی هەفتەنامەی گوڵاندا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی داینەوە:***

*** بەگشتی مەبەست لە بیمە یان دەستەبەری كۆمەڵایەتی (التأمین الاجتماعی) چییە؟**

- بیمە یان دەستەبەری **(التأمینات)** لەبنەڕەتدا پرۆسەیەكە خەڵك لەڕێگەیەوە پارەی خۆیان دەخەنە ناو سندوقێكی هاوبەشەوە بۆئەوەی لەكاتی مەترسیدا بەكاریبهێنن. بۆ نموونە، لەبەرئەوەی ئەو ئەگەرە هەیە كە ڕەنگە خانووەكەت بسوتێت، بۆیە لەگەڵ ٥٠ كەسی تر ڕێكدەكەویت كە ئەگەر خانووەكەت بسوتێت ئەوا هەمووتان لەدروستكردنەوە و نوێكردنەوەیدا بەشدار دەبن. لەسەردەمە سادەكاندا ئەو كارە لەلایەن دراوسێكانەوە بۆ یارمەتیدانی یەكتر ئەنجامدەدرا. بەڵام ئەمڕۆ ئەو كارە لەڕێگەی كۆمپانیا زەبەلاحەكانەوە دەكرێت كە بڕێكی دیاریكراو لەهەر كەسێك وەردەگیرێت و دواتر لەهەر زیانێكدا پێی دەدرێتەوە. ئەو كارە لەچەندین لایەنەوە ڕێكوپێك و بەبەرهەمترە، بەڵام ناتایبەتی و شێوەی بازرگانیانەیە، بۆیە دەشێت فێڵ و تەڵەكەی تێدا بكرێت. ئەمەش نرخ و تێچوونەكەی بەرز دەكاتەوە و زۆربەی خەڵك ناتوانن بەشداری تێدا بكەن، بۆیە هەموو خەڵك ناگرێتەوە. تەنانەت نرخەكان لەوەش زیاتر بەرزدەكاتەوە، هەروەك ئەو حاڵەتی دەستەبەری تەندروستیەی ئەمریكا كە لەبەرئەوەی هەموو خەڵك ناگرێتەوە، خەڵك نەخۆشتر دەبن و دواتر پێویستیان بەچاودێریی گرانبەهاتر دەبێت.

دەستەبەری كۆمەڵایەتی جیاوازە لەمە لەبەرئەوەی فیكرەی ئەو سیستمە ئەوەیە كە پێویستە هەموو كەسێكی ناو كۆمەڵگا بگرێتەوە جا توانای دانی پارەی هەبێت یان نا بۆیە كۆمەڵگا بەگشتی هەمیشە لەڕێگەی حكومەتەوە داهاتەكانی لەسندوقێكی هاوبەشدا كۆدەكاتەوە بۆ پاراستنی گشت ئەندامانی ئەو كۆمەڵگایە. لەڕاستیدا ئەگەر گریمانەكیەكە ئەوە بێت كە هەموو كەسێك مافی یەكسانی هەبێت ئەوا چینی دەوڵەمەند بڕێكی كەم زیاتر دەدات بۆئەوەی چینی هەژاریش بگرێتەوە. ئەنجامەكەی هەمیشە بەتێكڕایی هەرزانتر دەوەستێت. بۆیە لەوڵاتانی وەك ئینگلتەرا و فەڕەنسا كە دەستەبەری تەندروستی وەك مافێك ڕەچاو دەكرێت، هەموو كەسێك دەگرێتەوە و تێكڕایی تێچووی چاودێریی تەندروستی نزیكەی نیوەی ئەو نرخە دەبێت كە لەئەمریكا هەیە بۆ هەر تاكێك. ئەمەش بەشێكی لەبەرئەوەیە كە فێڵێكی كەمتری تێدا دەكرێت (لەبەرئەوەی حكومەت باشتر دەتوانێت چاودێریی فێڵ و تەڵەكەبازی بكات وەك لەوەی كۆمپانیا تایبەتیەكان لەبەرامبەر سیستمی بیمەی كۆمەڵایەتی دەیكەن) و بەشەكەی تریش لەبەرئەوەیە كە ئەو دەستەبەریە هەموو كەسێك دەگرێتەوە.

*** ئەو بوار و توێژ یان چینە كۆمەڵایەتییانە چین، كە سیستمی**

**دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە؟**

- ئەگەر یەکێك بەخێرایی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئەوا دەڵێت چینی هەژار زیاتر سوودمەند دەبن، چونکە بەبۆچوونێکی بازاڕی هەژاران لەبەرامبەر هیچ شتێکیان دەستدەکەوێت لەکاتێکدا چینی دەوڵەمەند زیاتردەدەن. بەڵام ئەگەر تەماشای دوورتر بکەین ئەوا مەسەلەکە ئاڵۆزترە. چینی دەوڵەمەند هەمیشە دەوڵەمەندە چونکە خاوەنی کار و بازرگانین یان پشکیان لەکۆمپانیاکان دەستدەکەوێت. ئەمانە بڕێکی زۆر دەگەڕێننەوە کاتێك حکومەت چاودێریی تەندروستی لەئەستۆدەگرێت. بۆ نموونە ئەگەر سەیری بەشی حکومەت لەتێچووەکانی چاودێریی تەندروستی بۆ هەر کەسێك لەئەمریکا و ئینگلتەرا، بکەین، نزیکەی وەکو یەکە، بەڵام کەرتی تایبەت لەئەمریکا نزیکەی ١٠ هێندە زیاتر بۆ چاودێریی تەندروستی دەدات. بەهەمان شێوە کارمەند و بەکاربەرەکانیشیان لەچینی هەژار و ناوەندن، بۆیە تا ئەو ڕادەیەی چینی هەژار و ناوەند تەندروستترن، باشتر کاردەکەن، کەمتر لەدەستەبەری تەندروستی خەرج دەکەن و کەلوپەل زیاتر دەکڕن، ئەوا چینی دەوڵەمەند بارودۆخیان باشتر دەبێت و پارەیان زیاتر دەبێت.

*** دەوڵەت و سیستمی سیاسی بەچ میکانیزم و سیاسەتێك دەتوانێ سیستمێکی دەستبەری موتەکامل و هاوچەرخ بخولقێنێ؟ ئایا تەنیا لەڕێگەی یاساوە دەبێ یان ڕێوشوێنی دیکەش هەن، ئەگەر وایە ئەو ڕێگا و شێوازانە چین؟**

- بەر لەهەموو شتێك، "موتەکامل" لەواقیعدا بوونی نییە و وشەی "هاوچەرخ" زاراوەیەکی ناڕوونە کە هەمیشە بەو مانایە لێدەدرێتەوە کە هەرچیەك لەڕۆژئاوادا هەبێت ئەوا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لەشتەکانی ناوخۆ یان خۆماڵی باشترە. دووەم ئەو شتەی حەزی پێدەکرێت و ویستراوە بەندە لەسەر میسالیات (ئایدیاڵ)ی ئەو کۆمەڵگایە و ئەو واقیعەی تێیدا دەژیت. زۆر گرنگە بۆ هەر سیستمێکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەو دوو پێوەرە جێبەجێبکات: ئایدیالیزم و واقیعیەت. ئەمەش ڕەنگە هەندێ پێچەوانەیی بێت چونکە پێمانوایە میسالیات و واقیعیەت دژی یەکن، بەڵام ئەگەر میسالیات بەو بارودۆخ و شوێنە تەماشا بکەین کە هیواخوازین پێی بگەین و واقیعیەتیش ئەو شوێنە بێت کە تێیدایت، ئەوا سیاسەتەکە وەك نەخشەڕێگایەکی دەبینرێت لە واقیعەوە بۆ ئەو شتەی دەمانەوێت بەدەستیبهێنین.

وەك ئاماژەم پێدا کۆمەڵگا جیاوازەکان بەشێوەیەکی جیاواز لەدەستەبەری کۆمەڵایەتی دەڕوانن، ئەمەش بەشێکی بەهۆی سیستمە جیاوازەکانی بەها کۆمەڵایەتیەکانە. دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەئەوروپا زۆر بەهێزە چونکە بڕوایەکی بەهێز بەڕۆڵی حکومەت دەکرێت. بەڵام لەئەمریکا لاوازترە چونکە ئەمریکیەکان حەز دەکەن گرنگی بە تاکگەرایی بدەن. ئەگەر ئەمڕۆ سەیری ئەو ناکۆکیە بکەیت لەئەمریکا سەبارەت بە چاودێریی تەندروستی، ڕەنگە بپرسیت "بۆچی ئەمریکا سیستمێکی پزیشکی هاوشێوەی ئەوڕوپا پەیڕەو ناکات کە هەموو کەسێك لەلایەن حکومەتەوە چاودێری بکرێت؟" وەڵامەکەی ئەوەیە زۆر لەئەمریکیەکان نایانەوێت حکومەت ئەو دەسەلاتە زۆرەی هەبێت، هەرچەندە ئەگەر باش و ڕێکوپێکیش بێت.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەت، بەڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە پێناسەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی شتێکە دەبێت کۆمەڵگا بەتێکڕایی تێیدا بەشداربێت، واتە لەزۆربەی کۆمەڵگاکان حکومەت تاکە میکانیزمە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە. لەڕابردوودا ئایین ئەو ڕۆڵەی دەگێڕا. بۆ نموونە لەئەوڕوپا هەر کەسێك دەبوو "یەك لە دە"ی داهاتی خۆی ببەخشیایە بەکەنیسە بۆئەوەی کەنیسە بتوانێت چاودێریی نەخۆش و هەژاران بکات. هەروەك لەئیسلامیشدا کە هەموو کەسێك دەبێت زەکات بدات. ئەمەش تا ئەوکاتە سەریگرت و سوودی هەبوو کە هەمووان یەك ئایینیان هەبوو، بەڵام لەکۆمەڵگایەکدا کە چەندین ئایینی جیاواز پێکەوە دەژین باشترە حکومەت ئەو ڕۆڵە ببینێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا سیستمە ئایینی و حکومەتیەکان پێکەوە ماونەتەوە و لەئەمریکا یەکێك لەبەڵگەکانی دژی ڕۆڵی حکومەت لەپرۆگرامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە خەڵك دەیانەوێت ئایین پاڵپشتی ئەو ڕۆڵە بکات.

*** بەشێوەیەکی گشتی وەزارەتی کار یان کاروباری کۆمەڵایەتی بەئەرکی زامنکردن یان دەستەبەرکردن هەڵدەستن، ئەی دەوڵەت بەچ ئالییەتێك یان ڕێکار و یاسایەك دەتوانێ کەرتی تایبەت ناچاربکات ئەویش لەلای خۆیەوە زامنی ژیان و کاری کرێکار و کارمەندانی بکات؟**

- ناتوانم دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو کارانە لەکوردستان بدوێم، بەڵام دەتوانم نموونەی شوێنانی تر باس بکەم. لەئەمریکا زۆربەی سوودە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێگەی شوێنی کارەوە جێبەجێ دەکرێت. خاوەن کارەکان ناچاردەکرێن پارە بۆ پلانی تەندروستی و خەزێنەی نیشتمانی بۆ خانەنشینبوون (پاراستنی کۆمەڵایەتی و چاودێریی پزیشکی) بدەن و شوێنێکی کارکردنی سەلامەت و مووچە دابین بکەن. بەڵام داوا لەخاوەن کارەکان ناکرێت دەستەبەری تەندروستی دابین بکات. ئەنجامەکەشی ئەوەیە ئەگەر خەڵك کاری نەبێت ئەوا دەبێت پشت بە"چاودێریی کۆمەڵایەتی" ببەستن کە شێوەیەکە لەخێرخوازیی لەلایەن حکومەتەوە. لەئەمریکای لاتین داواکاریی زۆرتر و توندتر لەخاوەن کارەکان دەکرێت: زۆرجار ناچار دەکرێن سوودی تەندروستی و بوارەکانی تریش بدەن. کێشەکەش ئەوەیە، بەهۆی ئەو داواکاریانەوە خاوەن کارەکان هەوڵدەدەن کارمەند بەشێوەی فەرمی بەکرێ نەگرن مەگەر ناچاربن ئەو کارە بکەن. کرێکاری نافەرمی دەهێنن یان گرێبەستی لاوەکی لەگەڵ کەسێك دەکەن کە سوودی یاسایی نادەن. هۆکاری ئەو "ئابووریە ناڕەسمیە" ئاست بەرزەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین هەر ئەمەیە. ئەگەر خەڵك وەك "کارمەند" حیساب نەکرێن، ئەوا لەسیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێبەش دەبن و لە ئەنجامدا نایەکسانیەکی زیاتر دروستدەبێت.

*** لەوڵاتێکی وەك عێراق کە کوردستانیش هەرێمێك لەو وڵاتە پێکدێنێ، بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئیستیسنائی هەیە، کەرتی تایبەت دوای دەیان ساڵ لەمۆنۆپۆلکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە تازە ئەو کەرتە لەسەرەتای گەشەکردندایە، بەڕەچاوکردنی هەموو ئەو تایبەتمەندیانە، بەڕای ئێوە چۆن دەتوانین سیستمێکی زامنی کۆمەڵایەتی ئەکتیڤ بهێنینەکایەوە؟**

- لەبارودۆخ و قۆناخی ئینتیقالیدا زۆر




گرنگە لەبیرمان بێت کە هەرگیز یەک چارەسەری موتەکامل بوونی نییە. هەروەها گرنگە بزانرێت کە ئەگەر شتێك ئێستا سوودی نییە مانای ئەوە نییە دەبێت ئیتر پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە برۆیت. دەتوانرێت چارەسەر بکرێت یان باشتر بکرێت؟ لەئەمریکا مەسەلەیەك هەیە دەڵێت: "منداڵەکە لەگەڵ ئاوی حەمام فڕێ مەدە!" واتە ئەگەر بارودۆخەکە خراپبوو، نابێت دەسبەرداری گرنگترین شت بیت. بەڵکو هەوڵبدەیت بارودۆخەکە چارەسەربکەیت.

*** لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کەرتی تایبەت دەتوانێت کارێکی باشتر لەکەرتی گشتی بکات؟**

- ئەمە بەندە بەوەی کە ئێوە دەتانەوێت چی بکەن. خەڵك لەئەمریکا دەڵێن حکومەت هەمیشە خراپە و دەبێت کەرتی تایبەت هەموو کارێك بکات. بەڵام ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت، "ئەی سوپا؟ ئەمیش بەتایبەت بکرێت؟ دەڵێن "نەخێر، بێگومان نەخێر." ئەی پۆلیس، ئاگرکوژێنەوە، سیستمی شەقام و ئاوەڕۆکان؟ خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە هەندێ شت هەیە دەبێت لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێبکرێت چونکە دەبێت دڵنیابیت هەموو کەسێك لێوەی سوودمەند دەبێت.

*** لەهەرێمی کوردستان و عێراقدا توێژی (خانەنشینان) بەبەراورد لەگەڵ کارمەندانی دەوڵەت و کەرتی تایبەت لەوەزعێکی بژێوی خراپدا دەژین، چونکە ئەو مووچە یان پارمەتییەی پێیاندەدرێت زۆرکەمە و لەگەڵ گرانی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان، ئاسمان و ڕێسمانی نێوانە، جگە لەزیادکردنی مووچەی ئەو توێژە بەچ شێوەیەکی دیکە دەکرێ بژێوی ژیانیان باشتربکرێ؟**

- سەبارەت بەو بارودۆخەی ڕووبەڕووی خەڵکی بەتەمەنی عێراق و کوردستان بووەتەوە، پێویستە توێژینەوەیەکی زۆر بکرێت. زۆرجار داهات بەتاکە پێوەری ستانداردی ژیان دەژمێردرێت، بەڵام وەك تۆش ئاماژەت پێداوە زۆر شتی گرنگی تر هەیە. ئاشکرایە خەڵکی بەتەمەنیش پێویستیان بەوەیە کە هەست بە گرنگی بکەن و بزانن بەسوودن وەك هەر یەکێکی تر. هەمیشە ئەو هەستەش لەڕێگەی ژیان و هاریکاری لەگەڵ خێزانەکەیان دەستدەکەوێت، بەڵام بەتەمەنەکان حەز بەبەردەوامی هەستی شکۆیی و کەمێك لەسەربەخۆیی دەکەن. هاوسەنگیی تەواویش بەندە لەسەر بیروباوەڕە کولتوورییەکان و ئارەزووەکانی تاك، هەر بۆیەش پێویستە توێژینەوە لەم بارەیەوە بکرێت.

کەواتە، نابێت تەنها سەیری داهات بکەین بەڵکو پێویستە گرنگی بەچۆنیەتی تێکەڵکردن و نزیککردنەوەی بەتەمەن و خانەنشینان لەگەڵ خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیش بدەین. لەکولتوورێکی وەك کولتووری کوردیدا، بەتەمەنەکان هەر لەکۆنەوە ڕێزێکی زۆریان لێگیراوە، بەڵام دەکرێت ئەو ڕێزە لەناو قەرەباڵغی و چەندوچوونی "شارە مۆدێرنەکان" لەدەستبچێت.

*** بەو پێیەی سیستمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەشێکە لەسیاسەتی گشتی کۆمەڵایەتی، ئایا کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی پیشەیی و سەندیکاکان لەچ ڕوویەکەوە بۆیان دەکرێ خزمەتی سیستمی زامنکاری بکەن؟**

- وەك پێشتر هێمام بۆ کرد بەر لەوەی هەر کارێك بکەین لەپێشترین و گرنگترین کار کەسێك لەکوردستان بیکات بریتیە لەزیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکان. بۆ ماوەی ٥٠ ساڵە هیچ سەرژمێریەکی دانیشتوان لەکوردستان نەکراوە! بە تەنها هەولێر لەوکاتەوە ٣٠ هێندە گەورەتر و فراوانتر بووە! ڕێکخراوە پیشە یی یە کا ن و سەندیکاکان دەتوانن لەم پرۆسەیەدا یارمەتی پێشکەش بکەن، ئەمەش لەڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەڕێکخراوەکانیاندا سەبارەت بەو پێویستیە ڕاستەقینانەی ڕووبەڕووی ئەندامەکانی خۆیان دەبێتەوە، بەڵام پێویستە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ لەلایەن کۆمەڵناس و ئەنترۆپۆلۆژیست و ئەوانەی کاری کۆمەڵایەتی دەکەن ئەنجامبدرێت بۆئەوەی پێویستی و نیگەرانیەکانی کۆمەڵگا دەستنیشان بکەن.

ئەو لێکۆڵینەوەیەش هەر بە "ژمارە" گرێنەدرابێت، بەڵکو دەبێ پەیوەست بێت بە بەها کولتووری و ئایدیاڵی (مپالی)ییەکانی کۆمەڵگای کوردستان.

*** بۆچی پێویستمان بەسۆسیۆلۆگ و ئەنترۆپۆلۆژیستێك دەبێت تاوەکو بەهاکانمان پێ بڵێت؟**

- وەك پێشتر گوتم: بەهاکانی هەر کۆمەڵگایەك ڕیشەی داکوتاوە. زۆرجار ئاگاداریان نین و نازانین چۆن کاریگەریمان لەسەردەکەن تا ئەوکاتەی دەکەوینە ناو قەیرانێکەوە. بۆیە من لەتەواوی ئەو دیمانەیەدا جەختم لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە کردەوە، چونکە تاکە شت بتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیستیە. قسەکردن لەسەر ئەو پرسانە بەبێ هیچ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەك وەك ئەوە وایە ئافرەتێك بەبێ ئاوێنە ماکیاژ بکات.